
# سۆزان خان ئەو وڵاتەت پێ پاک ناکرێتەوە



کاک ڕەسول ماماندی کۆچ کردوو لە لەندن بۆی گێرامەوە و وتی: کاتێک لە 1977 ڕۆیشتین بۆ ناوچەی لۆلان لە بادینان، بۆ پێشوازی لە جەلال تالەبانی کە لە ئەوروپاوە بۆ یەکەم جار گەرایەوە، دوای بەیەکتر شادبوونەوەی هەموو لایەک، دەستمان کرد بە باس و خواسی هەڵبژاردنی سەرۆکێک بۆ ئەو بزوتنەوە تازەیە، دەستەی کۆنە جەلالیەکان وتیان با مام جەلال ببێتە پێشرەو، منیش وتم ئاخر مام جەلال کێشمەکێشی 66 ی بەدواوەیەوەو بە هەڵبژاردنەوەی ئەو، دووبەرکیەکە دروست دەبێتەوەو ئەو بزوتنەوەشمان بەئەنجامێک ناگات، مام جەلالیش هاتە دەنگ و ووتی 66 (یاشمخ باشمخێک بوو و بە سەرچوو، خەڵک لەبیری چۆتەوە).

سۆزانخانیش کە قوتابیەکی قوتابخانەی جەلال تاڵەبانیە، ئەمرۆ لە دیمانەیەکی کوردسات دا ووتی ئەو هاتووهاورەی نەوتی قاچاخ یاشمخ باشمخێک بوو و بەسەر چوو، هەوڵی دەدا کە رابردووی 20 ساڵی قاچاخچیەتی نەوت پاک بکاتەوە، نەیدەزانی کە 75% خەڵکی خوارووی کوردستان هەزارەو هیچ هەزارێکیش باوەڕی بە قسەی دەسەڵات نەماوە، دەیفەرموو ئۆپۆزسیۆن بەشداری ئەو دانیشتنەی پەرلەمان و دەوڵەت بوون و ئەوانیش هاتنە ئەو باوەڕە کە ئەو هاتووهاوارەی فرۆشتنی نەوت بە قاچاخ ئەسلی نیەو یاشمخ باخمە.

خوشکی ئازیز، ئەوەی لەگەڵ ئێوە دانیشتوە، ئەوە ئۆپزسیۆن نیە، ئەوە کەم پێبراوەکانی دەسەڵاتن، داوای بەشی زیاتر دەکەن.

ئۆپۆزسیۆن ئەو کوردەی سەرەوەیە کە لەسەر ئەو هەموو نەوتەی کوردستان دارو چیلکە کۆدەکاتەوە بۆ بەسەربردنی ژیانی رۆژانەی.
ئۆپۆزسیون ئەو کوردەیە کە لەشارەکاندا کرێ خانووی بۆ نادرێ.

ئۆپۆزسیۆن ئەو گوندنشینەیە کە بەبێ هیچ یارمەتیەکی ئێوە خانوەکەی خۆی دروست کردۆتەوەو تاکو ئێستا هیچ کامێکتان بەلایان دا نەچوون.

سۆزان خان، کورد دەڵێ پێم خۆشە دوژمن بمگرێ، ماڵم بخوا، بمکوژێ، بەلاّم پێم خۆشنیە کوردێک هەڵەیەکم بەرامبەر بکات، بەتایبەتی کەسوکاری شەهیدێک هەوڵ بدات چاوم ببەستێ، پێم خۆشنەبوو تۆ وەک کچە شەهیدێک بەکار بهێنن بۆ خاوێنکردنەوەی کارە نارەواکانی دەسەلاّت، کە هەموو کەس دەزانێ پێت پاک ناکرێتەوە.

کچی باش، قسەکانی خۆت بەبیر نایەتەوە کە لەسەردەمی شەڕی خۆبەخۆدا هاوارت دەکردو دەتگوت چۆن دەبێ ماڵی بارزانی نەوتی کورد بەقاچاخ بفرۆشێ ؟، ئێستا کە هەردوو لاتان رێک کەوتوون کە دوور لەدەسەلاّتی جەماوەر بۆخۆتان نەوتەکە بفرۆشن و خۆڵیش بکەنە چاوی خەڵک و بڵێن ئێمە نەوت نافرۆشین ؟، ئەگەر خۆڵیشت پێ بکرێتە چاوی جەماوەری کورد، ناتوانی خۆڵ بکەیە چاوی کۆمەڵگای نێونەتەوەی.

جەنابی قسەکەری پەرلەمان، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یاسای هەیەو باشیش ئاگادارە کە دەوڵەتەکەت نەوت بە قاچاخ دەفرۆشێ:

The oil smuggling is far from new. For several years after the 2003 U.S.-led invasion, it was one of the preferred ways for insurgents to fund their operations. As security improved, private individuals and political groups picked up on the lucrative practice. Analysts say that smuggling of oil has been going on in the Kurdish north since the early 1990s.

http://wnyt.com/article/stories/S1649589.shtml?cat=653

بەو هەڵە سیاسیەی رابردووتان، سەری دەیانی وەک خەلیل زادەو جێفری ئارچەرتان لە قوڕ ناو تۆش خۆت خستە ناو لیستی رەشی قاچاخچیەتی نەوتەوە.

سەردار پشدەری
لەندەن 26 – 8 – 2010
http://www.kurd-oil.net